# بیست و هەشتی گەلاوێژ:

## سەرکەوتنی بانگەوازی ئازادی بەسەر وەیشوومەی تاریکی و ستەمکاریدا

٢٨ی گەلاوێژ بۆ کوردستانی رۆژهەلات رۆژێکی مێژووییە. ٢٩ ساڵ لەوە پێش، لە وەها رۆژێکدا بوو کە ئایەتوڵلا خومەینی، رابەری تازە بەدەسەلات گەیشتووی ئێران، ماموستای هەڵخڕاندنی جەماوەری دواکەوتوو، فەرمانی هێرشی هەمەلایەنەی بۆ سەر کوردستان دەرکرد. ئەمە تەنیا شەش مانگ دوای رووخاندنی رژیمی پاشایەتی و هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو.

لە رووی ئەو فەرمانەوە، هێزە سەرکوتگەرەکانی رژیمی کۆماری ئیسلامی لە رۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا، وەك لەشکری داگیرکەر، کوڵلئاسا، نەفام و هەڵخەڵەتاو، دابارینە سەر کوردستان. شەڕێکی تاوانکارانە، هێرشێکی فراوانی ئاسمانی و زەمینی، بە کەڵك وەرگرتن لە تانك و تۆپ و فڕۆکە جەنگییەکان، بێ هیچ پاساو و مەشروعییەتێك، تەنیا بەزەبری پروپاگەندەیەکی درۆیین و بێبنەما، بەدژی گەلی کورد خرایە رێ. ماڵ و کێڵگە، خەرمان و کارگە، شارولادێ، بێبەزەییانە کەوتنە بەر رەهێڵەی تۆپ و خومپارە و ئاگریان بەسەردا باری. سوپای پاسدارانی تازەدامەزراو، کە مێشکیان پڕ کرابوو لە درۆی ترسناك لەبارەی کوردەوە، بەخەیاڵی خۆیان بۆ پاك کردنەوەی کوردستان لە کافران و دژەشۆڕشان بەلێشاو هێرشیان هێنا.

خەلخاڵی، وەکوو حاکمی شەرع و نوێنەری ئیمام، بەدەسەڵاتی بێسنوورەوە دەستی دایە ئیعدامی بێلێپرسینەوە و بێمحاکەمەی لاوانی کورد و بەپانایی هەموو کوردستان دەیان و دەیان کەسی، هەر لە کوڕان و کچانی تەمەن کەمتر لە هەژدە ساڵ هەتاکوو بریندار و نەخۆشی سەرتەختی نەخۆشخانەکان، راپێچی بەردەم جووخەی ئاگر کرد.

بەڵام ٢٨ی گەلاوێژ تەنیا رۆژی هێرش و تاوان و ستەمکاری نەبوو، رۆژی وەستانەوە و موقاوەمەت و بەرەنگاری گەلی کوردیش بوو. رێك لە ئێوارەی ئەو رۆژەدا بوو کە کاك فوئاد و یارانی، کە سەرکردایەتیی ئەو کاتەی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕیان پێك دەهێنا، کۆبوونەوەیەکی خێرا و تایبەتیان بۆ لێکدانەوەی ئەو هێرشە و باروودۆخی تازە و داڕشتنی سیاسەتی گونجاو بەڕێوە برد. لەو کۆبوونەوەیەدا رەهبەریی کۆمەڵە بە لێکدانەوەی دروست و بە تێگەیشتنی ئەوە راستییە کە قۆناغێکی نوێ لە ژیان و لە خەباتی هەموو کۆمەڵگەی کوردستاندا هاتۆتە ئاراوە و ئەمەش ستراتێژی و سیاسەتێکی نوێ دەخوازێ، بڕیارێکی مێژوویيان دەرکرد. ئەو بڕیارە کە لە بەیاننامەیەکدا بەناوی "گەلی کورد لە بۆتەی ئەزموونندا" بڵاو کرایەوە، سیاسەتی دروستی بۆ کۆمەڵە و بۆ گەلی کورد لەحاست ئەو هێرشە دیاری کرد و بەڵێنی دا کە بەگوێرەی هاتنە ئارای قۆناغی تازەوە، وێڕای خەباتی سیاسی و رێکخراوەیی و راگەیاندن، هێزی پێشمەرگە لە کوردستان پێك بهێنن و کوورەی خەباتی چەکداریش نێڵ دەن. ئەو بڕیارە، کە لە راستیدا رەنگدانەوەی ئیرادەی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان بۆ پاراستنی ئازادی و ماف و کەرامەتیان بوو، بانگەوازی خۆڕاگری و وەستانەوە، بانگەوازی بەرخۆدان و بەرەنگاری بوو.

سێ مانگی زیاتر نەخایاند کە بزووتنەوەی موقاوەمەتی گەلی کورد سەری دوژمنانی لە بەرد دا و رژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی ناچار کرد کە لەجیاتی "فەرمانی هێرش"، بۆ پشوودانیش بێت، ئەمجارەیان "پەیامی ئاشتی" بۆ خەڵکی کوردستان بنێرێ. لە ماوەی ئەو سێ مانگەدا خەڵکی کوردستان نیشانیان دا کە ئامادەی سەردانەواندن نین و خەباتێکی هەمەلایەنە کە تێکەڵاوێك بوو لە خەباتی جەماوەری و راپەڕین لەگەڵ چالاکی و عەمەلیاتی پێشمەرگانە، توانیان زۆربەی شارە داگیرکراوەکانی کوردستان لە دەست دوژمن دەربهێنن.

بەمجۆرە، بانگەوازی وەستانەوە و بەرەنگاری بەسەر وەیشوومەی هێرش و سەرکوت، بانگەوازی خەبات بۆ ئازادی بەسەر وەیشوومەی تاوان و ستەمکاریدا، یان بەکورتی بڵێین بانگەوازی ئازادیبەخشی کاك فوئاد و رێبازەکەی بەسەر وەیشوومەی تاریك و کۆنەپەرستانەی خومەینیدا سەرکەوت. هەرچەند کاك فوئاد خۆی ئەوەندە نەژیا تا شاهیدی سەرکەوتنی سیاسەتەکەی بەسەر دوژمنانی ئازادی دا بێت، بەڵام رێبازێك کە ئەو و هاوڕێیانی بۆ وەستانەوە و بەرەنگاری دیاریان کرد، لە کوورەی ئەزموونێکی سەخت و دژواری جەماوەریدا بەئیسبات گەیشت.

با رۆژی ٢٨ی گەلاوێژ لەیاد نەکەین. با نەسلی تازەی خەباتکار، کوڕان و کچانی ئێستای کوردستان بیرەوەری رۆژانی سەختی هێرش و پەلاماری دوژمن و هەروەها رۆژانی پڕلەهیوای خەبات و بەرەنگاری فەرامۆش نەکەن. با رۆژی ٢٨ی گەلاوێژ بکەینە رۆژی خەباتی نەتەوەیی هەموو کوردستانی رۆژهەلات. با ئەو رۆژە لەسەرتاسەری کوردستان بکەینە رۆژی هاوپەیوەندی و یەکگرتوویی هەموو ریزەکانی گەلی کورد، رۆژی دەربڕینی هاوخەباتیمان، رۆژی نیشاندانی هاوپشتیمان لەگەڵ یەکتر و رۆژی ئیعتیراز و وەستانەوەی بەتێکڕامان بەرامبەر بە دوژمن.

کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

٢٨ی گەلاوێژی ١٣٨٧ی هەتاوی،

رێکەوتی ١٧ی ئاگوستی ٢٠٠٨ی زایینی